خۆشناو مەریوانی

٢٠١٨/٠٨/١١

# مەڕی زیندوو !!

دوێنێ کارم ئەکرد، کارمان کەم بوو، دواکات مانگی هەشت پاریسییەکان لە پشوی ساڵانەدان، پاریس چۆڵ دەکەن .

لەبەردەمی گراجەکەمدا وەستابووم، بای باڵی خۆم ئەدا .

لەناکاو ڕێبوارێکی تەمەن چڵ ساڵان، لێم نزیک بۆوە، پەلەی بوو وەک لە ئۆتۆبویس بەجێمابێ، پاش سڵاو گووتی :

نازانی لە کوێ مەری زیندوو دەفرۆشن؟ .

لە خەیاڵدا بووم ، زۆر سەیر بوو بەلامەوە، لە سەرتادا بیرم بۆ جەژنی ئیبراهیمیەکان نەچوو .

سەرسام بووم، "ئاش لە خەیاڵ و ئاشەوان لە خەیاڵێک "،

کەسێک لە پاریس بەدوای مەری زیندوودا دەگەرێ .

بەپەلە !!گووتم :

بۆچیتە؟

بەخێرای وەڵامی دامەوە .

سەری دەبرم .

ترسام وام زانی تێک چووە .ئیسپانەیەکی موڵتی بەدەسمەوە بوو، لەدڵی خۆمدا گووتم :

لەسەری بروا ناو چەوانی دەشکێنم .خۆم ئامادەکرد، دیارە !!نەگبەتە تێکچووە .

بە توورەیەوەگووتم :

کاکە مەر بۆ سەر ئەبڕی؟

گووتی بۆ قوربانی، بۆ جەژنی قوربان .

هاوکات بیری جەژنی قووربانم کەوتەوە .ئارام بوومەوە .

تۆزێ بیرم کردەوە .

گووتم .

لە فەرەنسا بەیاسا قەدەغەیە لە ماڵاندا ئاژەڵ سەربرین، دەبێت لە شوێنی "تایبەتی دەسەڵاتی فەرمیدا دیاری کردوە "ئاژەڵ سەر ببرێت .

لە چ شوێنێک سەری دەبریت؟

بە هێمنی وەڵامی دامەوە .گووتی .

لە تەوالێتی ئەپارتمانەکەماندا بابی خێوی دەگێم، سەری دەخەمە تاوالێتەکەمانەوە، بیسم اللہ لێ دەخوێنم و چەقۆ لەمللی دەدەم،

زۆر سەرسام بووم، نەمزانی چ بێژم .

گووتم

ئەی لە کوێ گوودەکەن .

گوێ مەدەرێ فێرین .

ویستم لە کۆڵ خۆمی کەمەوە .

بەپەلە گووتم :

برا نازام مەری زیندوومردو بۆ قوربانی و نا قوربانی لە کوێ دەفرۆشن .

خودی خۆم قووربانی خاس وچاکم، هەمیشە مەری قووربانی بووم .

پێکەنی وا بزانم بەشێت تێم گەیشت، مللی نا و رۆیشت